تۆماس ترانسترۆمێر= **Tomas Tranströmer**

**وەرگێڕ لە سوێدیەوە: ڕەحمانی سۆفی**

## خانوی سوێدی دوور لە یەک

لەرێنەوەی شپرزەی ڕەش کاژەکان

لەبەر مانگەشە دا تریفەیان لێدەباری

لێرەدا زەوی ڕۆچووە، و

باخچەش بێگیان دێتەبەرچاوە.

هەتاکو ئاونگی بەیان بویرێنێ و

بەساڵاچوێک بەدەستی لەرزۆکی

پەنجێرە ئاواڵە کا، کوندەبویک بەڕەڵابکا.

لە کەش و هەوایکی جیاوازدا

خانووی تازەساز هەڵمیان لێهەڵدەستێ

مەلافەی شۆردراوی، بەتەنافەوە گرێدراو

وێنەی فڕینی پەپوولە باڵە فڕەیانە.

لە نێوەڕاستی جەنگەڵێکی وشکەڵاتودا

لە چاویلکەی شیلەی دارەوە

گرێبەستنامەی داربڕەکان دەخوێنرێتەوە.

هاوین لەگەڵ بارانی قژکاڵ

یان تەنیا هەورەتریشقە یەک،

بە سەر سەگێکەوەیە، کە دەوەڕێ

تۆوی چەکەرە هێناو سەر لە زەوی دەکوتێ.

دەنگی توڕە، نێوچاوانی گرژ،

لە سیمی تەلەفۆندا دەفڕن

بە تیژباڵی لە ئاو چووە وە

بەسەر پانایی زۆنگ و زەل دا.
خانوو لە دوورگەی ڕووباردا
لەسەر بنچینەی بەرچن کڕهەڵنیشتون
کاغەزی نەهێنی دارستان دەسووتێنن.
باران لە ئاسمان بادەداتەوە،
ڕووناکی لوول دەبێتە ڕووبار
خانوو لە لێژایی دا پاسەوانی
جووتە گای یەختە کراوی تاوڤگەی سپین.
پایز لەگەڵ پۆلێک سێروو،
گزینگی بەیانیان ماتکردووە
مرۆڤ وەک گڵۆپی سەکۆی شانۆ
بە لەش سەختی دەبزوونەوە.
لێیان گەڕێ! با بە باڵی شاردراوەوە
بە بێ دڵپەرۆشی هەستبکەن
کە چۆن وزەی خوای زاڵ
لە تاریکی دا لوول هەڵکراوە.